www.kurdistannet.org
8-10-2006 8:35 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

# بەردەوامە ناڕەزایی: وەڵامێک بۆ ئەنجومەنی باڵای هونەرمەندانی کوردستان ... هونەرمەندانی ناڕازیی

لەساتی یەکەمی ئامادەبوونمان بۆ بەردەم بارەگای هونەرمەندان، دوای ئەوەی وەکو لەبەیاننامەی دووەممانداندا ئاماژەمان پێدا، ڕێگریان کرد لەوەی بچینە ماڵی خۆمان بەیاننامەیەکیان دەرکرد وەکو وەڵامێك بۆ بەیباننامەی یەکەمی هونەرمەندانی ناڕازیی.
لێرەدا بەپێی دەرفەت وەڵامی بەیاننامەکەیان دەدەینەوە:
وەڵامەکەتان لەنووسراوێکی سیاسی و ختوکەدانی عاتیفەی هونەرمەندان دەچێت. نوسیوتانە (کۆمەڵێك تۆمەت دەخەنە پاڵ ڕێکخراوەکەمان و بە (ماڵی جەهل) ناوی دەبەن، تۆ بڵێی ئەو هەموو هونەرمەندانەی لەم ڕێکخراوەدان هەر هەموو جاهل و تەنیا بەڕێزتان بەعەقڵ بیربکەنەوە!)
پێش هەمو شتێك دەبێت ئەوە بوترێت کە ئەوزمانەی ئەو وەڵامەی پێ نووسراوە دەیەوێت حەساسیەت و دابەشبوون لە نێوان هونەرمەندانی ناڕازیی و هونەرمەنداندا دروستبکات.
لێکدانەوەی (ماڵی جەهل) بەو شێوەیەی سەرەوەبۆخۆی تێنەگەیشتنە، چونکە ئێمە دەزانین چۆن بۆچونەکانمان دابڕێژین ئێمە بە هیچ هونەرمەندێکمان نەوتووە جاهیل و تکایە جیاوازی بکەن لەنێوان جاهیل وەکو سیفەت و (ماڵی جەهل) وەکو چەمك.
(ماڵی جەهل) مەبەست لێی ئەو سیستمە نامەدەنیەیە کەلە:
هەڵبژاردنی سەرۆك بۆ ڕێکخراوەکە لەمادەی چواردەیەمی پێڕەوەکەدا هاتووە: (سەرۆك لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت بەمەرجا لەنیوەی ئەندامانی کۆنگرە زیاتر دەنگی پێبدەن) ئەم مادەیە چۆنت دەوا دەتوانی بیکشێنی، چونکە میکانیزمیەتی ئەو دەنگدانەی دیاری نەکردووە بۆ هەڵبژاردنی سەرۆك، دەنگدانەکە بەنهێنی دەبێت یان بەئاشکرا؟! کەئەمە بەمەبەست بەوجۆرە داڕێژراوە، چونکە هەر لەو کۆنگریەدا تەنها یەك کەس خۆی کاندیدکردو بەدەنگدانی ئاشکرا بووە سەرۆك، ئەوە ئیحراجکردنی دەنگدەرانەو دوورە لەهەموو بنەمایەکی دیموکراتیانەو مەدەنیەوە، کەچی لە ئێستادا بەدانپێدانانی خۆیان (ی. ە. ك) و (س. ە. ك) ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لەهونەرمەندی وەهمیان هەیەو دەیانەوا بێ ئەوەی لەبەیاننامەیەکدا بۆ ڕای هونەرمەندان و ڕای گشتی بڕ ئەوەی داوای لێبوردن لەو ژمارە زۆرەی کەبەدانپێدانانی خۆیان هونەرمەند نین و دەبنە قوربانی ئەو (ماڵی جەهل) ە دەریانبکەن یان پەراوێزیان بخەن و بەوەش کەرامەت و کبریائیان لەکەداربکەن وەکو مرۆڤ، کەئەمە بۆ خۆی پێشێلکردنی مافی مرۆڤە، ئێمە بۆ خۆمان نائومێدین ئەوان بتوانن لەو سوپایە هونەرمەندی ڕاستەقینە جیابکەنەوە، چونکە هەر بەدان پێدانانی خۆیان (کەئەو دانپێدانانە بەتۆمارکراوی و بەوێنە لەلامانە) لەو (150) ئەندامەی بۆ کۆنگرەی یەکبوون زۆر بەنهێنی و بێ گەیاندنی زانیاری تەنانەت لەسەر چۆنێتی یەکگرتنەوەکە بۆ ئەندامەکانیان بردنیانن بۆ هەولێر، لە پرسیارێکی ئێمەدا ئایا ئەوانە هەموویان هونەرمەند بوون، وتیان کەسانێکیشی تێکەوتووە کەهونەرمەند نین. وتمان بۆ بەتەنها ئەو (150) کەسە، وتیان ئێمە بەتەنها ئەوانەمان بردووە کەزانیومانە لەوا بەبەڵا دەستیان بۆ بڕیارەکانی کۆنگرە بەرزدەکەنەوە. ئیتر برادەرینە چۆن بڕوا بەبەڵێنەکانتان بکەین کەلە پەراوێزی خوارەوەی وەڵامەکەتان نووسیوتانە (... بەرنامەی نوێمان داڕشتووە بۆ کاری پسپۆڕی و خزمەتکردنی هونەرو هونەرمەندانی کورد کەئایندەی نزیك دەریدەخات) .
ئێوە سەرەتا وا دەستتان پێکرد، دڵنیابن ئەگەر گوێمان لێنەگرن و قبوڵمان نەکەن پێکەوە دانیشین بۆ گفتوگۆ "بەبڕ پۆستەکانتان" بۆ ئایندە لەنزیك و دووردا هەر ئەوەی سەرەتا دووبارە دەکەنەوە.

(مالّی جەهل) پێناسەی بۆ هونەرمەند وەکو لەمادەی شەشەمدا هاتووە بەم جۆرەیە: (هونەرمەند ئەو کەسەیە، کەلە یەکێك لە بوارەکانی هونەرەجوانەکاندا کاردەکات. ) ئەم پێناسەیە ئەوەندەی پێناسەیەکی مەبەستدارە، پێناسەیەکی دەقیق نییە، مەبەستدارە لەوەی ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی زۆرترین ئەندام لە خۆی کۆبکاتەوە بۆ ئامانجێکی سیاسی و بەرژەوەندی تایبەتی.

لەمەرجی وەرگرتنی ئەندام دا لە یەکێك لە بڕگەکانیدا وای دارشتووە (ئەو کەسە بەپێی بۆچوونی ئەنجومەنی بالا لە یەکێك لە بوارەکانی هونەردا، پشتئەستور بە هەڵسەنگاندنی بەشە هونەرییەکەی خۆی بەهرەمەند و کارامە و لێهاتوو بێت) لێرەدا بۆچوونی ئەنجومەنی بالا لە بری هەر پێودانگێك و ستانداردێکی ڕوون کاری پێدەکرێت، کە دەشێت ئەو بیرو بۆچوونە لایەنی میزاجی و پەیوەندی نزیکی و بەرژەوەندی بەسەریدا زاڵ بێت. ئەمە ڕێگە خۆش دەکات بۆ دروستکردنی سوپایەك کەوەلائی بۆ ئەو ئەنجومەنە هەبێت و زامنی مانەوە لە دەسەلاتدا مسۆگەر بکەن. لە مافی ئەندام دا هاتووە: (بۆی هەیە لە چوارچێوەی (ی. ە. ك) دا بەوپەڕی ئازادی و سەربەستیەوە ڕەخنەی بابەتی لەهەموو ئەندام ودەزگاکانی بگرێت و پێشنیازی شیاو و بەجی پێشکەش بکات. )

سەرەتا دەبی ئەوە ڕوون بکەینەوە ئەو مافی ئازادی و سەربەستی ڕەخنەگرتنە لەبەر ئەوەی سنوردار کراوە پێدەچی باس لە مافی ئەندامێکی شانەی حیزبی بکات تا ئەو ڕەخنانە دزە

نەکەنە دەرەوە کە ترسی بۆ سەر کیان و ئەمنی حیزبەکە هەیە. چونکە نابێت مافی ڕەخنەگرتنی هونەرمەند لە هەر کەس و لایەنێك بەرتەسك بکرێتەوە و سنوری بۆ دابنرێت. ئەمە جگە لەوەی لەکاتێکدا دەمانویست ئەومافی ئازادی و سەربەستی ڕەخنەگرتنەی لە بەیاننامەی یەکەمی نارەزایماندا ببەینە ناو چوارچێوەی (ی. ە. ك) چۆن سەرکوت کرا و تورڕ هەڵدرایە ئەودیو شیشبەندی دیواری بارەگاکە بۆ سەر شۆستەکە.

جگە لەوەی چەمکی (ڕەخنەی بابەتی) لە سیاقی ئەو بڕگەیەدا قابیلی کشانە بۆ هێنانەوەی بەهانە بۆ کۆتکردن و لەئەندام خستن. لەبڕگەی یەکەمی مادەی (10) ی تایبەت بە لەئەندامێتی کەوتن هاتووە: (بە پێچەوانەی ئامانجەکانی (ی، ە، ك) ەوە ڕەفتار بکات و هەوڵی تێکدانی ڕیزەکانی بدات) . ئەم بڕگەیەی دوایی (هەوڵی تێکدانی ڕیزەکانی بدات) . دەکرێت هەر ڕەخنەیەك ئەگەرچی زانستی و بنیاتنەریش بێت (بنیات = ڕوخان + بنیات نانەوە) بە (ڕەخنەیەکی نابابەتی) لەقەڵەم بدرێت و کەسەکە بە تێکدەری ڕیزەکانی ناوزەد بکات و ئەمەشی بۆ ئیزافە بکات (دەستێکی ناحەزی لە پشتەوەیە) .

لەبەشێکی تری وەلامەکەیاندا دەڵێن (.. بفەرموون بۆ خۆتانماڵێك لە عەقڵ دروست بکەن و لە هونەرمەندی و هەڵوێستی کوردانەدا پێشڕەو بن!) ئەمە خۆی لە خۆیدا ئەوپەڕی هەست بە پرسیاری نەکردنە، ئەمە دەرگا داخستنە بەڕووی دیالۆگ و کرانەوەدا. دەنا چۆن وا بەئاسانی ڕێکخراوێك بە ئەندامەکانی دەڵێت بڕۆن ڕێکخراوێکی تر دروست بکەن.. ڕەنگە ئەوە خەنیتان بکات و بێخەم پاڵی لێبدەنەوە. بەلام (نا) ئەوە ئێمەین بڕیار دەدەین چی بکەین؟ ئێمە هەروەکو لە بەیاننامەی دووەمماندا (نارەزایی بەردەوامە و سورین لەسەر داواکارییەکانمان) و دووبارەی دەکەینەوە کە ئەوە بە ڕێکخراوی هەمووهونەرمەندان دەزانین.. بە خۆشمانەوە.. هەوڵ دەدەین و سورین لەسەر ئەوەی ببێتە ڕێکخراوێکی مەدەنی و ماڵێك لە عەقڵ. ئێمە دڵنیاین هونەرمەندانێکی زۆر هەن وەکو هونەرمەندانی نارازی نارازین و بەلام بەداخەوە بەهەر هۆیەکەوە بێت بێدەنگن.

دەگەڕێینەوە سەر ئەو بڕگەیەی سەرەوە، دانانی نیشانەی سەرسوڕمان لە کۆتایی بڕگەکەدا) .. لە هونەرمەندی و هەڵوێستی کوردانەدا پێشڕەو بن!) ئەوە بۆ خۆی گاڵتە و تانەو تەشەر و ئیستیفزازکردنە بە (هونەرمەندانی نارازیی) لە کاتێکدا ئەوان لە بەشێکی تری وەلامەکەیاندا نوسیویانە (تاکو دوێنی

ئەندام بوون لەوماڵەدا) . ئەوان ئاوا ڕێز لە ئەندامەکانی خۆیان دەگرن، ئەوە ئەو ماڵی جەهلە باوکسالارییەیە، باوك تێیدا تانەو تاشەر دەگرێتە ڕۆڵەکانی و سوکایەتییان پی دەکات و لە زمانیان ناگات، چونکە ئەو باوکانە دابڕاون لە ئێستا و بەردەوام لە ڕابردوودا دەژین و جۆرەها حیکایەتی پاڵەوانبازی بۆ خۆیان دادەڕێژن و بە موقەدەسی دەکەن و زوو زوو دەیدەنەوە بە چاوانماندا. خۆزگە ئەوهەڵوێست نواندنە بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس و ڕۆڵی کاریگەرییان لە پێکهێنانی بەرەی کوردستانی و بەشداربونیان وەك توێژێکی هوشیار لە ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان و هەڵوێست وەرگرتن لەبەرامبەر شەڕی نەگریسی ناوخۆ و پاشان ڕەخنەیان لەگەڵێك بڕیاری سیاسی و ئیداری دەسەڵاتی کوردی زیاتر رونیانبکردایەتەوە یان داوا دەکەین بۆمان ڕوونبکەنەوە، دەنا ئەوانیش دەبنە وەهمێکی گەورە وەك وەهمی خاوەندارێتی ئەو دوو هەزار و ئەوەندە ئەندامی هونەرمەند، لێرە و ئەوەندە زیاتریش لەوی..

ئێستا دێینە سەر باسی ئەوەی کە ئەو دوو ڕێکخراوە نەك کۆنگرەی یەکبوونیان شەرعیەت و مسداقییەتی نییە، بەڵکو هەریەکەشیان پێشتر شەرعییەتیان لەدەستداوە، چۆن؟

لەمادەی سیانزەیەمی پێڕەوی ناوخۆی (ی، ە، ك) هاتووە: (کۆنگرە دوو ساڵ جارێکیان لەکاتی پێویستدا. لەسەر داوای دوو لەسەر سێی ئەندامانی دەستەی گشتی دەبەسترێت) بەڵام (ی، ە، ك) دوا کۆنگرەی خۆی کە سێیەم کۆنگرەیەتی لە (10-2001/4/12بەستویەتی و دەبوایە لە ناوەڕاستی مانگی چواری ساڵی 2003کۆنگرەی ببەستایە، جا بەهەر هۆیەکەوە بێت ئەوە سی ساڵ و نیوی بەسەردا تێپەڕیوە و کۆنگرەی نەبەستووە، ئەوەش لەشەرعیەتی دەخات. خۆ ئەگەر واشمان دانا کە بارودۆخێکی زۆر تایبەت وای کردووە لەو ماوەیەدا کۆنگرە نەبەستری. کەئەوە هەمووی بەهانەیە بۆ درێژەدان بە دەسەڵات بەهەر جۆرێك بووە، ئەوا کۆنگرەی یەکبوونی ئەیلولی 2006جارێکی تر هیچ مسداقییەتەت و شەرعییەتێکی یاسایی نییە، ئەمەش مادەی سیانزەیەمی پەیڕەوەکە کە تایبەتە بە کۆنگرە دەیسەلمێنێت (کۆنگرە گەورەترین دەسەڵاتی (ی، ە، ك) ە، لەئەندامانی ئەنجومەنی باڵا و سەرجەم ئەندامانی گشتی، یان نوێنەرەکانی پێکدێت کە لەلایەن کۆنفرانسی ناوەندە هونەرییەکانی شار و لیژنەی شارۆچکەکانەوە هەڵدەبژێردرێن. ) بۆ خۆئامادەکردن بۆ کۆنگرەی ئەیلولی 2006 (کۆنگرەی یەکبوونی (ی، ە، ك) و (س، ە، ك) بەهیچ شێوەیەك نە سەرجەم ئەندامانی دەستەی گشتی ئامادەبوون و نەکۆنفرانسی ناوەندە هونەرییەکانی شار و کۆنفرانسی لیژنەی شارۆچکەکان ئەنجام دراوە تا نوێنەر هەڵبژێرن بۆ کۆنگرە و هەروەها دوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی باڵاش بانگێشت نەکراون بۆ کۆنگرە، کە ئەو دوو ئەندامە ئەگەرچی بەهەر هۆیەکەوە بێت دوورکەوتبنەوە لە ڕێکخراوەکە بەڵام هەر سیفەتی ئەندامێتی ئەنجومەنی باڵایان دەمێنێت وەکو لەمادەی پانزەهەم بڕگەی دوودا هاتوو (ئەنجومەنی باڵا بە زۆرینەی دەنگ سزای ئەندامی ئەنجومەنی باڵا دەدات ئەگەر لە کارەکانیدا کەمتەرخەمی کرد یان لە پێڕەو و پرۆگرامی "ی، ە، ك" لابدا. تەنیا سزای دەرکردن و سەندنەوەی سیفەتی ئەندامێتی ئەنجومەنی باڵا نەبێت، بۆ زیاتر پشتگیری پەیداکردن بۆ ئەوانەی لەسەرەوە ووتمان ئەوەیە لە مادەی "6"ی یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانی عێراق هاتووە (دەستەی گشتی باڵاترین دەسەڵاتە لە سەندیکادا و هەموو ئەندامانی دەگرێتە خۆ) بەڵام ئەوەی ڕویدا پێچەوانەی ئەو مادەیەیە، کە زۆر بە نهێنی و بی ئاگادارکردنی زۆربەی زۆری ئەندامەکانیان کۆنگرەیان بەست.

بەڵکو ئەو کۆنگرەی یەکبوونە بریتی بووە لە کۆنگرەی تەوافوق کە هەر ڕێکخراوە 75 یان 80 ئەندامی بەبی ئەو میکانیزمەی لە مادەی سیانزەدا کەلەسەرەوە ئاماژەمان پێدا دەستنیشان کردووە و دوور لە هەموو پرۆسەیەکی دیموکراسی و مەدەنی لە ئاهەنگێکی شەکراوخواردنەوەدا (وەکو خۆیان ناویان لێناوە) ئەو پۆست دابەشکردنەی پێش کۆنگرە لەسەری ڕێکەوتبوون، ڕایانگەیاندووە.. (وەك ئەوەی لە

پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ڕویدا) . ئەمە دەیسەلمێنێت ئەو کۆنگرە ناشەرعیە و لەژێر سێبەری یاسادا ئەنجام نەدراوە، بۆیە جارێکی تریش دەڵێین بڕیارەکانی پوچەڵن.. و باتڵن.
لەوەڵامەکەیاندا هاتووە (کۆنگرەی یەکبوون ئیندیماجی دوو ڕێکخراو بووە نەوەك هەڵوەشاندنەوە و ڕێکخراوی هونەرمەندانیش درێژەپێدانی کاروانی هەردوو ڕێکخراوەکەیە وەك لە کۆنگرەی هەولێردا بڕیاری لەسەر درا. )
دەتوانین لەو پەرەگرافەی سەرەوەدا ئەمانە بخوێنینەوە:
نەبوونی متمانە بەیەکتر لە نێوان ئەو دوو ڕێکخراوەدا، کە ڕەنگە لەگەڵ هەر بارگرژی و تێکچوونی پەیوەندی نێوان یەکێتی و پارتیدا ئەمانیش جیا ببنەوە و بگەڕێنەوە سەر ئەسڵی خۆیان. چونکە لەوەدا ئەزمونێکی تاڵیان هەیە.
لە 3-1993/8/6و هەر لە هەولێر کۆنگرەی یەکبوونی هەردووڕێکخراوی (ی، ه، ك) و (کۆمەڵەی هونەرمەندانی کوردستان) بەسترا، ئەنجام ڕێکخراوێکی نوی هاتەکایەوە بە ناوی (یەکێتی هونەرمەندانی یەکگرتووی کوردستان) بەڵام دەستەیەك لە هونەرمەندانی (ك، ه، ك) لە کۆنگرە کشانەوەو دواتر (سەندیکای هونەرمەندانیان) دروستکرد و لەولاشەوە وشەی (یەکگرتوو) ش لە ناونیشانی (ی، ه، ، ی، ك) سڕایەوە و چوووە سەر ئەسڵی خۆی.
پڕۆژەی یاسای هونەرمەندانی کوردستانیش کە بەرهەمی ئەو کۆنگرەی یەکبونەیە، جگە لەوەی تێهەڵکێشکردنی پەیڕە و پڕۆگرامی (ی، ه، ك) و یاسای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستانی عێراق هیچ شتێکی تازەی تێدا نییە، جگە لەوەی بۆ نەڕەنجاندنی ئەو سەدان کەسەی کە هونەرمەند نین و خزاونەتە ئەو دوو ڕێکخراوەوە، لەمادەی حەوتەمی ئەندامێتیدا، ئەندامی کارا و ئەندامی هاوکاریان داناوە.. بەمەش دەیانەوێت بەوە خۆیان لەو هەڵە گەورەیەی کۆکردنەوەی ئەندام ڕزگار بکەن.
ئەو وەڵامە لە هەر لەسەرەتاوە تا دێڕی پێش کۆتایی بەو زمانە قسە دەکات بەڵام لە دێڕی کۆتایدا بۆ چەواشەکردن و فێڵکردن لەو هونەرمەندانەی تا ئێستا پەیوەندییان نەکردووە بە (هونەرمەندانی ناڕازیی) دەڵێن (بەردەوام ئامادەین بۆ دیالۆکی بنیاتنەر و گوێگرتن لەهەر ڕەخنە و پێشنیازێکی ئێوە. ) ئەو قسانە تۆزکردنە ناو چاوی هونەرمەندانە. تا ڕاستییەکان نەبینن. کام دیالۆك؟
کام گوێگرتن؟
ئەو دیالۆکەی لە ساتی یەکەمی ئامادەبوونمانەوە بۆ بەردەم بارەگاکە ئەو پۆلیسانەی لەبەر دەرگاکە ئامادەباش کرابوون، زۆر بەئەدەبەوە پێیان وتین بەفەرمانی سەرۆکی ڕێکخراوەکە ناتوانن بچنە ژورەوە. ئەوەی نەیهێشت بچینەماڵی خۆمان پۆلیسەکان نەبوون بەڵکو سەرۆکی ڕێکخراوەکە بوو، ئیتر کام گوێگرتن لە ڕەخنە و پێشنیازێك؟ لە کاتێکدا سەرۆکی ڕێکخراوەکە گوێیەکانی وەکو دەرگای بارەگاکەی بەڕوماندا کلۆم دا. ئەوەیە ئێمە لە بەشێکی بەیاننامەکەماندا داوای گۆڕان دەکەین لەو ڕێکخراوانە لە ماڵی گوێڕایەڵی و فەرمانەوە بۆ هەواری دیالۆگ و کرانەوە.

هونەرمەندانی ناڕازیی
سلێمانی
2006/10/1